Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# کەسایەتی ئەندێشەیی (لە خەوما) لەنێوان فەنتازیا و واقیعدا

**سنور قادر فەرەج[1] - عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد[2]**

[1+2]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

کەسایەتی ئەندێشەیی (لە خەوما) لەنێوان فەنتازیا و واقیعدا، توێژینەوەکە هەوڵ و هەنگاوی جدی و ئاوڕدانەوەیەکی زانستیانەترە لەمەڕ چیرۆکی (لە خەوما) بەگشتی و کەسایەتی جەمیل صائیب (لە خەوما)دا بەتایبەتی.

لە ڕاستیدا (لە خەوما) چیرۆکێکە، تەواونەکراوە، پڕە لە قین و ڕق و تۆڵەسەندنەوە لە حوکمڕانی و دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحمود. لەلایەکی دیکەوە، وتراوە چیرۆکەکە تەنها خەیاڵێکە و چیرۆکنوس لە خەیاڵدانیدا چنیویەتیەوە و خەوێکی قوڵی بوە و هیچی تر. لەم نێوەندەدا شرۆڤەی هەردو بیرۆکەکە دەکرێ و لە چوارچێوەیەکی هەمەلایەنەدا شیکاریی و لێکدانەوەی بۆ دەکەین و دەیخەینە بەر ڕۆشنایی.

**کلیلە وشەکان:** کەسایەتی ئەندێشەیی، لە خەوما، جەمیل صائیب، چیرۆک، دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحمود.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

**Received:** 26- July-2022

**Accepted:** 21-August-2022

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

snur.faraj@univsul.edu.iq

Abdulqader.mohammed@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

خەونبینین وەک دیوێکی لاشعوری مرۆڤ، لەدەرەوەی ویست و دەسەڵاتی خۆیدا، زۆرجار بۆ نوسەران و شاعیران، دەروازە و ڕوانگەی گوزارشتکردن بوە، بەڵام بەپشتبەستن بەخەیاڵ و فەنتازیا، چونکە و ئەگەر خەیاڵ و فەنتازیا نەبێت مەحاڵە نوسەر بتوانێت دونیایەکی پڕ لەخەونبینین بۆ خۆی بخوڵقێنێت، هەروەک ئەوەی لەسۆنگە و دیدی (نیچە)دا دەردەکەوێت، کاتێک پێیوایە: گەر خەونبینین نەبوایە، هیچ هۆکارێکی تر نەدەبوە هۆی دابەشکردنی دونیا بەسەر دو دونیادا و پاشان لەلایەکی دیکەشەوە، خەیاڵ و فەنتازیا، یاخود ئەندێشە بەرهەمهێن و شتی تایبەت بەخۆیان بەرهەمدێنن، لەو کاتەی کەوا یاساکانی زۆر بەهێزن لەگەشەکردن و بەرهەمهێناندا، بەزاندنی ئەم یاسایانەیە، کە مرۆڤ بە خەیاڵ بەرەو جیهانێکی تر دەڕوا و مەبەستەکانی تیادا بنیاتدەنێت. بۆیە ئەوکاتەی، کە مرۆڤ دەکەوێتە خەیاڵکردنەوە لەو دونیایە دادەبڕێت و بەرەو دونیایەکی تر دەڕوات، لەو دونیایەش بە ئارەزوەکانی دەگات و نەخشە بۆ ژیان دەکێشێت و هەست بەوە ناکات ئێستا لەکوێیە و لەکوێ وەستاوە، کاتێک بەهۆش خۆی هاتەوە، ئیتر خەیاڵەکەش دەپچڕێت. کەواتە مرۆڤ لە بونی خۆی حەز بە خەیاڵکردن دەکات. (گەرمیانی، ١٩٩٦، ٥٢). لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا، وەکو ئاژەمان پێدا، جەمیل صائیب دژ بە دەسەڵاتی حوکمڕانیەتی شێخ مەحمود، ئەم چیرۆکەی نوسیوەو و بەشێک لە لێکۆڵەرەوانیش پێیانوایە، چیرۆکەکە واقیعی نییە و تەنها خەونێکە گێڕەرەوە بینیویەتی.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەشی سەرەکی لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکدێت. لەتەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا، باسمان لەخوێندنەوەیەکی هاوتەریبانە بۆ چیرۆکی لەخەوما کردوە و لەتەوەری دوەمی بەشی دوەمیشدا، ناساندنمان بۆ جەمیل صائیب کردوە و ژیاننامەی خودیمان لە چیرۆکەکەدا خستۆتە بەرباس.

لەتەوەری یەکەمی بەشی دوەمدا، ڕەهەندی دەرونی و ئەندێشەیی چیرۆکی (لە خەوما)مان دیاریکردوە. لەتەوەری دوەمی بەشی دوەمیشدا، لەبارەی (کەتوار\واقیع)ی چیرۆکەکە دواوین و لەکۆتا تەوەریشدا چۆنێتی ڕەنگدانەوەی حومکڕانێتی دەسەڵاتی شێخ مەحمود و کاریگەریمان لەسەر دەرونی گێڕەرەوە دیاریکردوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەدیاریکراوی لەچوارچێوەی چیرۆکی (لە خەوما)ی چیرۆکنوس جەمیل صائیب-دایە و هەوڵێکە بۆ شرۆڤەکردنی ئەم چیرۆکە و قسەکردنە لەسەر حومکڕانێتی سەردەمی شێخ مەحمود.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی، کە ئایا بونیاتی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب لەسەر بنەمای واقیع دامەزراوە یاخود چیرۆکێکە لە خەیاڵدانی چیرۆکنوسەوە سەرچاوەی گرتوە و هیچ پەیوەندی بە واقیعی ئەو سەردەمەوە نییە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی (وەسفی- شیکارییە) لە بەشی یەکەمدا، بەشێوەی تیۆری باس لەتەوەرە جیاوازەکانی بەشی یەکەم کراوە و لەبەشی دوەمیشدا، بەشێوەیەکی پراکتیکی، بەوەرگرتنی نمونەی وەرگیراوی چیرۆکەکە، وەسفی چیرۆکەکە کراوە.

## بەشی یەکەم: خوێندنەوەی هاوتەریب و ژیاننامەی خودیی چیرۆکنوس لە چیرۆکەکەدا

### تەوەری یەکەم: چیرۆکی (لە خەوما) و خوێندنەوەیەکی هاوتەریبانە

ئەگەر پەیوەندی نێوان دەقەکان بکەینە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی دەق، ئەوا دەتوانین سود لە (Paratexte) دەقی هاوتەریب وەربگرین، کە پۆلێنێکی تری (جیرار جینێت)ەو پراکتیزەی بکەین لەشیکردنەوەی چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل صائیب، لەبەشی یەکەمدا، لەژێر ناونیشانی (خوا بەخێری بگێڕێ)بە مەبەستی بەیەکداچونی دەقەکان و ئاوێزانبونیان، کە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی تەئویلاتی بۆ بکرێت، بەگوێرەی ((Paratexte) دەقی هاوتەریب، کە:

بریتییە لە (Paratexte) دەقی هاوتەریب، کە دەقە هاوتەریبەکان پێکدێت لەناونیشانی سەرەکی و لاوەکی و دەروازەو پێشەکی و پێشکەشکردن و وشەکانی سەر بەرگ و هەندێ شتی تر. ئەمانە کۆمەڵە دەروازەیەکن، دەتوانرێت لەڕێگەیانەوە بچیتە ناو جیهانی دەقەکەوە، ئەمانە بۆچونێکی بەرایی دەربارەی دەقەکە بەخوێنەر دەدەن، پێشئەوەی دەست بەموغامەرەی خوێندنەوە بکات، (ئەلۆمنی: ٢٠١٢، ٣١) هەمو ئەمانە پێیاندەوترێت (Paratexte) بەقۆناغی پێش بەرهەمهێنانی دەق دادەنرێت، یاخود دەرەوەی دەق، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر خوێنەر هەیەو بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن بەرەو ناوەوەی دەقی چیرۆک هەنگاوبنێن. بەواتایەکی دیکە، دەقە هاوتەریبەکان خۆیان لەناونیشانی سەرەکی و لاوەکی و دەروازە و پێشەکی و چۆنێتی پێشکەشکردن و وشە و دەربڕینە دیارەکانی سەر بەرگ دەبیننەوە و دەبن بە فاکتەری سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، بۆ خوێندنەوە و چونە ناو ناوەڕۆکی دەق و تێگەیشتن لە بابەت و بیرۆکەی دەقەکە.

واتە دەقی هاوتەریب ئەرکی جیاوازیان هەیە و هەڵدەستن بە ئاراستەکردنی خوێنەری دەق، وەک چەمکێکی زانستی لەمیانەی پرسیاری سادە و جۆراوجۆر پەیوەست دەکرێت بەچۆنییەتی و سەلماندنی بونی دەق، وەک کەی بڵاوکراوەتەوە، لەلایەن کێوە؟ بەچ مەبەستێک، هەمو ئەم ڕەگەزانە لەپێداویستییەکانی دەق (هاوتەریبی دەق) یارمەتیدەرن لەدیاریکردنی ناواخنی دەق واتە چۆن پێویستە بخوێندرێتەوە، یان نەخێر)، (الان: ٢٠١١، ١٤٣).

هەروەها دەلالەتی زاراوەی پێداویستییەکانی دەق (المناص) لای جیرارجینێت، جۆرێکە لەباڵابونی دەقی شیعریەت بەگشتی و مەودایەکی زۆری پێکهێناوە لەکاری ئەدەبیدا، چونکە (لەواقیعدا هیچ دەقێک نا ناسرێتەوە، ئەگەر لەڕێگەی پێداویستییەکانی دەقەوە نەبێت، چونکە هەردەقێک یان نوسراوێک لەنیشانەکانی داماڵرا، کاردەکاتە سەر مانا و دەلالەتەکەی، وەک:

ناوی نوسەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

ناونیشان

ناونیشانی لاوەکی

پێشکەشکردن

پێشەکی

بەو شـــێوەیە (پرســـیارکردن لەناو ناوچانەی دەرەوەی دەق و ســـوڕانەوە لەخولگەی دەقدا، توانی زاراوەی پێداویســـتییەکانی دەق (مناص- Paratextuality) دابنێت. واتە ئەو دەقە تەریبە بە دەقە ئەســـڵییەکەی و پێداویســـتییەکانی دەقیش دەقە، بەڵام دەقێکە تەریبی دەقە ئەســـڵییەکەیەو ناناســـرێتەوە، بەوەوە نەبێت یان لەڕێگەی ئەوەوە نەبێت، بەوەش قاچی بۆ دەق دروســـتکردوە. تا پێی بچێت بۆلای جەماوەر و خوێنەرەکانی بەمەبەستی گفتوگۆ و کارلێککردن لەگەڵیاندا (عزیز: ٢٠١٤، ٤٣).

لەناونیشانی ناوەوە (Intertitres)دا جینێت دەستنیشانی چوار لایەنی گرنگی کردوە، وەک ناونیشانی ناوەوە، ناونیشـــانی یاوەر، یان هاوڕێی دەقەکەن، بەتایبەت لەناو دەقەکەدا، وەکو ناونیشـــانەکانی پۆل و بەش و پار و برگەی چیرۆکەکان و ڕۆمان و دیوانە شـیعرییەکان... هتد، کە وەکو ناونیشـانی ئەسـڵی تەنیا ڕووەو جەماوەرە بەگشتی، بەڵام هەرچی ناونیشانی ناوەوەیە کەمتر خوێندراوەیە، بەپێی ئاگاداری بەڕاستی جەماوەر بۆ دەقەکە/ کتێبەکە دیاریدەکرێت (عزیز: ٢٠١٤، ٩٢)، بەمەبەسـتی ڕونکردنەوەو تێگەیشـتن لەپرۆسـەی دەقئاوێزان لەدەقی چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل صـــائیب، ئاماژەکان لەبەرگەوە دەســـتپێدەکات و دەلالەتەکان واڵا دەبێت بۆ تێگەیشتن و ڕونکردنەوە:

بەشی سەرەوەی بەرگ: ناوی چیرۆکنوس

بەشی ناوەڕاست: ناوی چیرۆک

بەشی خوارەوە: پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوە

لای ڕاستی بەرگ کە کەمتر لەنیوەی گرتووە پێکهاتوە، لە:

تابلۆیەک کە لەچەند وێنەیەکی تەماوی مرۆڤی پشـــت و بەژن چەماوە بەقەوارەی جیاواز بە تەنیشـــت قەفەزی ئاسن و دارەوە.

بەگشـتی هەمو ئەمانە لەگەڵ ناواخنی ناونیشـــان و پێداویســـتییەکانی دەق، یەکدەگرنەوەو پاشـــخانێک دەدەنە خوێنەرو دەلالەتی جۆربەجۆری ناوەوەی چیرۆک دەبەخشـــن، هەمو پێکهاتەکانی بەرگ لە ناونیشـــان و ناونیشـانی لاوەکی و پێشـەکی و پاشـکۆ و پەراوێز و ناونیشـانی بەش و برگەکانی دەقی چیرۆک، پەیوەندیان لەگەڵ بونیاتی قوڵی ناوەوەدا هەیە، کە پێیاندەوترێت (Paratexte)، پێداویســتییەکانی دەق بەقۆناغەکانی پێش بەرهەمهێنانی دەق، کاریگەری ڕاســـتەوخۆیان لەســـەر وەرگر یان خوێنەر هەیەو بەگوێرەی هەڵچونەکانی خوێنەر بڕیار لەسـەر ئەوە دەدات بەرەو ناوەوەی دەق کۆچ بکات، ناونیشـانیشـی دەقی چیرۆک (لەخەوما) کە لەبەشـی ناوەڕاسـتی بەرگ نوسـراوە و ناوی چیرۆکنوس لەبەشـی سـەرەوەی بەرگ و بەشـی خوارەوەشـی پێشـکەشـکردن و لێکۆڵینەوە گرنگترینیان تابلۆی بەرگە کەوتۆتە لای ڕاسـتی بەرگەوەو نەخشـێنراوە، بەچەند



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

وێنەیەکی تەماوی چەند مرۆڤێک و چەند قەفەزێک بەدەوریاندا نەخشـــکراوە، هەموویان پێکەوە لەگەڵ ناوی چیرۆکنوس دیدێک بەگوێی خوێنەردا دەدەن.

چونکە هەمو پێداویستییەکانی دەق (المناص) و ناونیشـانی ناوەوەی بەشـی لەڕوی دەلالەتی گشـتییەوە، دەقی بەرهەمهاتو لە مەغزای گشـتیدا لەگەڵ مرۆڤە تەماوی و چەماوەکانی ســەر بەرگ یەکدەگرێتەوە. بەمیکانیزمی هەڵمژین بەیاســـاکانی دەقئاوێزان، واتە یاســـای هەڵمژین دەقی ئامادە، دەقی نائامادە ســـڕ ناکات و بەڵکو ڕەخنەشـی لێناگرێت. بەمیکانیزمی کشـان و فراوانبون و بەگوێرەی پێداویستییە مێژوییەکان دایدەڕێژێتەوە، کە ئەوکات بەردەســت نەبون. بەشـــی یەکەمی چیرۆکی (لەخەوما) کە بە (خوایە بەخێری بگێڕێ) دەســـتپێدەکات، دەربڕی زۆرێک لە دەقەکانەو ئاماژەیەکە کە چیرۆکنوس نایەوێت بدوێت، بەڵکو ناڕاســـتەوخۆ جۆرێک لەدید و بۆچون دەرەخسێنێت، لەگەڵ وێنەی مرۆڤە تەماوییەکانی بەرگ یەکدەگرێتەوە کە لەسەرەتاوە پێماندەڵێت:

"بێ پول و پارە و دەست سپی و بێ مایە، زۆر ئەحواڵێکی ناخۆش و خراپم هەیە.... (صائیب، ١٩٧٥، ٢٩) "

چیرۆکنوس دەقئاوێزانی لەگەڵ مۆرکی بێ پول و پارەدا کردوە لەدو بواردا پرۆســەی دەقئاوێزانی خسـتۆتەڕو یان ئاوێزانی دەقەکەی خۆی ڕاگەیاندوە.

**یەکەم...**

مۆرکی مەینەتی نوســـــەر و شــــاعیران و ئەدەبدۆســــتان ڕادەگەیەنێت، کە ئەویش مۆرکی بێ پول و پارەو شـوناسـی نوسـەرانە، واتە هەمو وشـەو ڕسـتەو وێنەکان لەدەربڕینەکەدا دەوڵەمەندکردنی ئەو شـوناسـەیە، کە هەمیشـــە وەکو تەوەرێکی ســـــەرەکی بەکاربراوە، بێئەوەی توانای چارەســــەریان هەبێت و، هیچ پێشـــنیازێک نەکراوە لەلایەن قەوارەی سـیاسـی ئەو سـەردەمەوەو بگرە تاکو ئێسـتاش ئەو جۆرە شـوناسـەی شـاعیران و نوسەران، بەردەوامە.

**دوەم..**

چیرۆکنوس خۆی لە ئاسـتە باڵاکانی شـاعیران و نوسـەراندایە گوزارشـت و دەربڕینەکانی (لە خەوما) دەربڕی ئەو حاڵەتەن، ئەویش هاوشێوەی نوسەران و شاعیران (بێ پول و پارەیە) هەمان شوناس چاوەڕێیەتی، (خوایە بەخێری بگێڕێ). بۆیە خوێنەر هەســـت بەکەش و هەوای ســــەرچاوە دەکات، بەڵام دەقی پێکهێنەر دەلالەتی برەودان و بەگشـت بوارەکان دەکات، بۆ ئەم مەبەسـتە بنیاتی دەقەکەی خۆی لەســەر دەقی سـەرچاوە داناوە. لێرەدا (خوا بەخێری بگێرێت) دەقئاوێزانکردنی پەندێکە نیشـانە و دەلالەتی ترس و مەترسـییە لەسـەر شـتێک و میکـانیزمی دەقئـاوێزانکردنەکەش کشـــــانـدن و فروانکردنە. چونکە لەو ڕوانگەیەوە چیرۆکنوس هەوڵی ڕونکردنەوەی ئەو ترسەی داوە بەچیرۆکەکە و خوێنەر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

### تەوەری دوەم: جەمیل صائیب لە کورتەیەکدا.

### ژیاننامەی خودیی لە چیرۆکەکەدا

جەمیل کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا قادری قەرەداغە. لەدایکبوی (١٦)ی ئابی (١٨٨٧)ە، چیرۆکنوسی ناسراوی کوردە لەبنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەکە لەدایکبوە. سەرەتا خوێندنی ئایینی لەخوێندنگەی مەلا ئامینە لەشاری هەڵەبجە خوێندوە، پێشەنگی چیرۆکنوسانی کوردە، چیرۆکی (لە خەوما)ی لەساڵی (١٩٢٥) نوسیوە. لەسەردەمی شێخی نەمردا، ڕەخنەی زۆری لەباروودۆخەکە هەبوە.

ساڵی (١٩٢٤) بوە بە سەرنوسەری ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە ساڵەکانی بیستدا ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا هەبوە. بەڕێوەبەری خەزێنەی سلێمانی بوە. لە ساڵی (١٩٤٩) خانەنشین کراوە، پاشان بوە بە سەرنوسەری ڕۆژنامەی (ژین)، کە لە پێشدا (پیرەمێرد)ی خاڵی دەریدەکرد. لە (١٣)ی تشرینی یەکەمی (١٩٥١)دا لەنەخۆشخانە لە بەغداد کۆچی دوایکردوە و لە گردی مامەیارە لە تەنیشت گۆڕی پیرەمێرد، بەخاکسپێردراوە. (https://ckb.m.wikipedia.org/wiki)

بەحوکمی ئەوەی باوکی دەبێتە قازی (قەڵادزێ) ئەمیش لەگەڵیدا چوە، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ جۆرە حوجرە و قوتابخانەیەک لەوێ نەبو، ساڵ و نیوێک دانیشت تا گەڕانەوە سلێمانی. ئەو دەمە لە مزگەوتەکەی هەمزاغای باپیری پیرەمێرد، دەستیکردوە بەخوێندن. بەڵام لەو کاتەدا دوچاری ئەو نەخۆشییەکی قورس دەبێت و گورزێکی توند بەر ئەو کارانە دەکەوێت.

نازناوی جەمیل صائیب (کاکینە)یە، لە زاری پیرەمێردی خاڵییەوە وەکو ئاماژەمان پێدا، لە ڕۆژنامەکانی (پێشکەوتن، ژین، ژیانەوە) کاریکردوە و دەستێکی باڵای لەو بوارەدا جێهێشتوە. (بابان، ١٩٧٥، ٦). تیشک دەخەینە سەر ئەو خاڵەشی، کە صائیب لەدنیای ڕۆژنامەگەرییەوە هاتۆتە ناو دنیای چیرۆکنوسینەوە. کە هەردو ژانری چیرۆک و ڕۆژنامە، پەیوەندی و نزیکایەتی باشیان لەگەڵ یەکدا هەیە.

## بەشی دوەم: ڕەهەندی دەرونیی و واقیعی لەخەوما لەدیدی گێڕەرەوەدا

### تەوەری یەکەم: ڕەهەندی دەرونی و ئەندێشەیی (لە خەوما)

ئەندێشە یاخود هزر، هەندێکاریش (بیر)ی پێدەوترێت، لەفەرهەنگەکان و وشەنامەکاندا وەها ناونراوە، کە هەوڵی مێشکە بۆ پێگەیشتن و تێگەیشتن و پرۆسەیەکە لەزەیندا کە ڕێگە ئەودا مرۆڤ دەوروبەری لێکبداتەوەو بەپێی ئارەزو و ئامانج و پلانەکانی خۆی لەگەڵ باروودۆخدا پێکبهێنێت. بەکۆی گشتی پێیانوایە تەنیا تاقە چالاکییەک نییە لەزەیندا، بەڵکو لەژمارەیەک پێکهێنە (component) دروستبوەو هەر جارێک، کە مرۆڤ دەکەوێتە ئەندێشەو بیرەوە، یەک یان چەند دانە لەم پێکهێنانە چالاک دەبنەوە. بەتایبەت هەمو کۆکن، کە گرنگترینی ئەو پێکهێنانە چارەسەری پرسە و پاشان بیرکردنەوە ئەوکاتە خۆی دەردەخات، کە مرۆڤ خۆی لەگەڵ پرسێک یان کێشەیەکدا ڕوبەڕو دەبینێتەوە، کە دەبێ وەڵامی بداتەوە یان چارەی بۆ بدۆزرێتەوە. یاخود



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

گرێیەکە لەژێندا پەیدابوەو دەبێ بیکاتەوە. ( Glossary of Psychology Terms and Definitions (Psychologenie.com- 24- April- 2014

لەڕوانگەی دەرونیشـــەوە، ڕەهەندە دەرونییەکانی کەســێتی لەناو چیرۆکدا ڕابردویەکی کۆنی لەڕەوتی مێژویی مەعریفەتدا هەیەو جێگە و پانتایی لەوبارەوە گرتوەو قســەو باســی زۆری لەبارەوە کراوە. پاشــان ئەندێشــە ڕەگەزێکی ســەرەکی شیعرە، نابێ لەیادی بکەین، هەر شیعرێک ئەندێشـەی تێدا نەبێت، لەقسـەی ڕۆژانە نزیک دەبێتەوەو لەشیعریش دوردەکەوێتەوە، چونکە ئەندێشە لەپێکهێنانی شیعردا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، (خەیاڵ گەوهەری سەرەکی و توخمی نەگۆڕی شیعرە، شتێکە کە لەوزەی خەیاڵکردنەوە بەرهەمدێت)، (الحدیثی: ١٩٩٢: ٧٣). بۆیە لەچیرۆکی (لەخەوما)شدا مشتومڕی ئەوەی لەسەرە کە تەنها خەیاڵی نوسەرەو دورە لەواقیعیەتەوە، یاخود تەنها خەوێکەو نوســەر بینیویەتی، ئەم لێکدانەوەیەش بەیەکێک لەبیرو بۆچونەکانی لێکۆڵەران و بەشێک لەنوسەرو توێژەرانی ئەدەب دادەنرێت.

واتە خەیاڵ و ئەندێشـــەش دەور و ڕۆڵی گرنگیان هەیە و لەئەدەبیاتدا بەفراوانی لەبارەیانەوە دواون. پاشـــان (شیللی)ش بەهەمانشێوە گرنگی زۆری بەخەیاڵ و ئەندێشە داوەو لەئاستێکی بەرز و باڵادا دەیبینێت و خەیاڵی بەخودا لەقەڵەم دەدات، کە پێغەمبەرەکەشی هەر خۆیەتی.

هەر ئەندێشـــەیە دەتوانێت بابەتیانە بابەتەکان ڕەنگاوڕەنگ بکات و ڕەنگ و ســـیمای جوانیان پێببەخشـــێت و لەجێی خۆیان بەرزیان بکاتەوەو باڵیان بۆ بڕسکێنێت و بیگەیەنێتە حەوت تەبەقی ئاسمان و شتی مردو زیندو بکاتەوەو ڕۆحێکی ئەفوسـوناوی پێببەخشـێت و بیفڕێنێت بۆ ئەودیوی ئەقڵ و سـەرسـامی و چێژ و گەموگوڕی بەخوێنەری دەق بدات. (الیاقی: ١٩٨٥: ٦٤). خەیاڵ ئەو بەرگە ڕون و تەنک و ناسکانە بۆ بەری شیعر دەدورێت. هەر خەیاڵە ئەو هەمو جوانکاری و بەرزەفڕییە بە بەری شیعر دەبەخشێت. خەیاڵ هەمو سنورەکان دەبڕێت و بە ئارەزوی خۆی بابەتەکان دەڕازێنێتەوە و دەیان خەملێنێت.

لەهەمانکاتدا خەیاڵ لە پێکهاتە و بونیاتی ژانرەکانی گێڕانەوەدا، بەتایبەتی ژانرەکانی چیرۆک و ڕۆمان، ڕۆڵێکی ئێجگار دیاری هەیە و دەبێتە هۆی ئارایشــتکردن و جوانکردن و ڕازاندنەوەی بیرۆکە و بابەت و ڕوداوەکان و لە هەمانکاتدا، خەیاڵفراوانی چیرۆکنوس دەبێتە هۆی شیرینکردن و خۆشویستنی ڕوداوەکان و دورخستنەوەیان لەگێڕانەوەی ڕوداوێکی ئاساییەوە بۆ ڕوداوێکی چیرۆکێکی هونەری. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە بەهۆی خەیاڵ و ئەندێشەوە چیرۆکنوس دەتوانێت فەزای شوێن بکات بە فەزای هونەری، بەهۆی تەکنیکی وەسفەوە.

تەنانەت لەوەسفدا، دیاریکردنی ناسنامەی کەسێتییەکان خەیاڵکردن و خەیاڵفراوانی نوسەرە کە دەتوانێت باشتر کەســـێتییەکان بناســـێنێت و پێناســـەیان بکات و لەکەســـێتی ڕاســـتەقینەی ژیانی ئاســـایی جیایان بکاتەوە و تایبەتمەندی کەسێتی هونەریان پێببەخشێت.

کاتێک شاعیر، یاخود نوسەر (چیرۆکنوس) دەستدەکات بەنوسین، بەرزدەبێتەوە لەجیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر. واتە ڕونتر کـاتێـک بۆچون جیـاوازە لەبـارەی نوســـینی لەخەومـاوە، بەوەی تەنهـا نوســـەر، خەیـاڵێکەو نوسیویەتییەوە، واتە بەو ئاراستەیەی، کە نوسەر لەخەیاڵدانی خۆیدا ئەو ڕوداوانەی چنیوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

چونکە گەر ئەو بیرو خەیاڵەی بۆ نوســـەر یاخود شـــاعیر دێت، لەگەڵ فەنتازیا و بیردا جوان نەشــێلدرێت و ئاوێتەی یەکتر نەبن، وەک ماری عاشـــق و ماشـــق ئاوێزانی یەکتر نەبن، ئەوا بیرەکەی بەکاڵی و ســـادەیی دەمێنێتەوەو لەپەل و پۆ دەکەوێت. بۆیە کۆلیریدج دەڵێت: (بەخەیاڵ بابەتێکی تیرو تەســـەل و کامڵ و ئاڵۆز دەنوســـرێت.)، (حســێن: ١٩٩٧: ٤٤). خەیاڵ و فەنتازیا، بابەتەکە مشــتوماڵ دەکات و لەهەمانکاتیشــدا جوانی و قەشــەنگی وێنەی شــیعری دەپارێزێت و بەردەوامی پێدەبەخشــێت. چونکە وەکو ئاماژەمان پێدا، خەیاڵ تەڕی و تازەیی وێنە دەپارێزێت و گەشکە و لەزەت بەرۆح دەبەخشێت.

ئەوەتا، لەچەندین گۆشــەی چیرۆکەکەی (جەمیل صــائیب)ەوە، دەبینین کە چۆن خەیاڵ دەکات و لەبەر نائارامی ئەو وەزعەی تیایدایە، خەیاڵ و بیر دەکات کە (ئیتر منیش بەمات و مەلولی هاتمە ژورەوە، ســەرم نایەوەو لێی کەوتم، فەقەت هیچ خەوم نەبو، ئەحواڵێکی زۆر خراپ و ناڕەحەتم بو، لەســـــەرمانا ئەچۆقیم، برســـی، دڵگیراو، عاجز، مات، هەر بیرم لەخۆم و لەدنیا ئەکردەوە، هەر ســـــەعاتە نە ســـــەعاتێکیش لەملاو لەولاوە تەقو هوڕی تفەنگ، هاوار و بانگی خەلق ئەهات، منیش لەتاوا ڕائەچەنیم، فەقەت نەم ئەتوانی بچمە دەرەوە، هەر چۆنێک بو بەو حاڵە رام بوارد تا بەیانی...). (صائیب، ١٩٧٥، ٣٧).

لێرەدا بیرو هزری بەو وەزعەوە خەریکبوە، هەر لەتێڕاماندا بوە، لەتاو ئەو خەم و کەسەر و ئازارانەی دوچاری بوە. پاشان وەکو خەون و خەیاڵێک وەسفی دەکات، کاتێک دەخرێتە ناو ئەو ژورەوە، لەخوێنەر دەبێتە پرسیار، بەوەی ئایا خەوە دەیبینێت یاخود بەسەرهات و ڕوداوەکانە بەسەریدا دێت. چونکە دەڵێت:

(لەپاش بەینێک منیش هۆشێکم هاتەوە بەخۆما، سەیرێکی ژورەکەم کرد و وتم بزانم ئەم ژورە چ ژورێکە، ئەمە ئاخۆ زیندانە، حبســـخانەیە، چییە؟ ڕێی ڕاکردن و ســـەردەرکردنی هەیە یان نە؟ چونکە لەدڵی خۆما وتم من وا توشــی ئەم دەعبا بێ انصــافانە بوم هەتا ممکن بێ چارەســەرێکی خۆم بکەم و خۆم دەرکەم و نجاتم ببێ، لای خۆی من بۆ ڕیش هاتم کەچی سمێڵیشم نایەبان. ڕوانیم لەلای ڕاستی ژورەکە بە بەرزەوە دو سێ پەنجەرەی بچوک هەیە، شــەوق و ڕوناکی چرای لێوەدیارە، بەڵام چونکە پەنجەرەکان لەبەرزی بون، چاوم لەهیچ نەبو....)، (صائیب: ١٩٧٥: ٤٣).

لەچەندین گۆشەو نێوانی ڕوداوەکانی چیرۆکەکەدا، خوێنەر دوچاری تێڕامان و دڵەڕاوکێ دەکات، بەوەی ڕەنگە ئەم کارەکتەرە لەخەون و خەیاڵدا بێ و ئەو ڕوداوانە تەنها چنینی خەو و خەیاڵەکە بێت، گەر ئەمانە تەنها خەیاڵێکیش بێت، ئەوە جوانترین پێشـــبینی و خەیاڵدانێکە (چونکە گەر خەیاڵ نەمێنێت، هیچ جۆرە پێشـــبینییەک نـامێنێ، کە ڕەنگە بەهەوێن و مـاکی بەردەوامبون بژمێردێت) چونکە هەر خەیـاڵە بەبێ‌وچـان لەڕێگەی وێنەی تـازەوە خۆی بەرهەمـدەهێنێـت و خۆی دەوڵەمەنـد دەکـات. بۆیە نـابێـت بەزێـدەڕۆی گەر بگوترێـت هەمو دەستکەوتە ژیانی و ژیارییەکان بەوێنەی شیعریشەوە، زادەی خەیاڵن. (غریب: ١٩٧١: ٩٣).

چونکە مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بیری لەگۆڕانکاری و پێشـــکەوتن کردۆتەوە، نەخشـــەی ژیان و داهاتوی خۆی داڕشـــتوە بەخەیاڵیش لێکدانەوەی بۆ هەمو لایەنەکانی ژیانکردوە. بەتێپەڕبونی کاتیش زۆر لەخەیاڵەکان بون بەواقیع، هەمو ژانری ئەدەبیش زادەی خەیاڵن و خەیاڵ هەوێنی هەمو کارێکی ئەدەبییەو لەوەسفە ئەدەبییەکاندا،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

ڕۆڵی باڵای هەیە. ڕۆڵی جوانکردن و بەهێزکردنی دەقە ئەدەبییەکان دەبینێت. (السـيد: ١٩٧٧: ١٨٤). چونکە فەنتازیا، دەتوانێت هەناسـە بەزمان و نوسـینی شـیعر و چیرۆکنوسـین و بابەتەکانی تری ئەدەبی دەدات.
لەلایەکی ترەوە (نیچە) لەو باوەڕەدایە: (گەر خەون بینین نەبوایە، هیچ هۆکارێکی تر نەدەبوە هۆی دابەشکردنی دونیا بەسەر دو دنیادا)، (ابواصبع: ١٩٧٩: ١٠٣).
یاخود کولیدریج، دەڵێت: (خەیاڵ بەرهەمهێنە و شتی تایبەت بەخۆی بەرهەم دێنێتن، لەوکاتەی کەوا یاساکانیشی زۆر بەهێزن لەگەشـەکردن و بەرهەمهێناندا)، (فضـل: ١٩٧٨: ٤٩). بەزاندنی ئەو یاسـایانەیە، کە مرۆڤ بەخەیاڵ بەرەو جیهانێکی تر دەڕوا و مەبەستەکانی تێدا بنیات دەنێت بۆیە ئەوکاتەی، کە مرۆڤ دەکەوێتە خەیاڵکردنەوە، لەو دونیایەدا دادەبڕێت و بەرەو دونیایەکی تر دەڕوات، لەو دونیایەش بەئارەزوەکانی دەگات و نەخشـە بۆ ژیان دەکێشـێت و هەسـت بەوە ناکات ئێسـتا لەکوێیەو لەکوێ وەسـتاوە، کاتێک بەهۆش خۆی هاتەوە، ئیتر خەیاڵەکەش دەپچڕێت. ئەو شتەی لەواقعدا نەکرێت و بونیشی نەبێت، مرۆڤ بەخەیاڵ پێیدەگات! کەواتە مرۆڤ لەبونی خۆی حەز بەخەیاڵکردن دەکات. هەروەکو لەگۆشـەیەکی تری چیرۆکەکەدا هاتوە، وانیشـانی دەدات کە چیرۆک گێڕەرەوە هەروەکو ئەوەی بەخەیاڵ و دنیایەکی دیکەی تردا بێت، وایە...
(ئیتر من لەوێوە نەهۆشم ماو نە شعور، جارێ وەکو شێت هەستام قەدرێک لەژورەکەدا ئەمسەر و ئەو سەرم کرد، هەرچی خوێن بو لەڕەگەکانمدا، هەموی کەوتە جوڵە جوڵ و هاتوچۆ، پێسـتی لەشـم ئاگری لێ ئەبوەوە، هەردو چاوم دەرپەڕی، دانەکانم تەقە تەق بەیەکیاندا ئەدا، تەمام بو پەلاماری پەنجەکان بدەم و هەڵکوتمە سەر مجلسـەکە. دەسـت بخەمە بینی مەلاکان و ئەوانی تر، وتم: یارەببی ئەمە چ دڵ و دەرون و وجدانێکە، ئەمە چ تطبیقاتی شرع و قاعدەیەکە، چۆن ئەم قەرار و فتوایەیان دا...)، (صائیب، ١٩٧٥، ٥٥)، واتە:
ئەمە جگە لەوەی گێڕەرەوە مۆنۆلۆگێک لەگەڵ خۆیدا دەکات و گللەیی و سـکاڵای هەیە، تاڕادەیەک دەتوانین دەقئاوێزانی ئەندێشـە و کەسـایەتی خەیاڵی کارەکتەری بکەین و پەنجە بخەینە سـەر برین و ئازار و ئێشـی نوسـەر لەو سـەردەمەدا، کە چ وەزع و حاڵێک لەگۆڕێدا بوە. وا نیشـانی ئێمە دەدات، کە ئەوکات خەڵک لە چ میحنەت و نارەحەتییەکی قورسی ژیاندا بوە.
لەلایەکی تریشـەوە لەئەدەبدا، هەمیشـە خودی ئەدەب و ژانرەکانی پشـت بەسـتوبون بەجۆر و تایبەتمەندێتی ئەندێشەی ئەدەبی قوتابخانەی ڕەخنەیی، کەوا خوێنەر یاخود ڕەخنەگر بەدەستی دێنێت)، (الصائغ: ١٩٨٧: ٤٦).
هەروەکو ئەوەی کولیردش لەوبارەوە باسـی لەخەیاڵ دەکات، بەوەی هێزێکە دەتوانێت گونجاندن لەنێوان ماکە ناتەباکان دروست بکات و ڕێکیان بخات و بەشێوەیەکی بەرزو سیحراوی پیشـانیان بدات. هەر لەبەرئەوەشـە گرنگی ڕۆڵی ئەندێشە بەو جۆرە کراوە، گەر ئەندێشە نەبێت بەیان و ئەدەب دەوەستێ.
چونکە گەر ئەندێشـەکە نەچێت پەیکەری بۆ دروست بکات، پاشـان وشـەکان دەریببڕن، وشـە بەتەنها ناتوانێت بچێت ئەو گوزەرانە بێنێت و بەشێوەیەکی کاریگەر بیانخاتەڕو، چونکە نوسەرێک کە کەوتە دونیای خەیاڵات و تێڕامان، وێنەی شـیعری بۆ بێت، ئەوجا بەزمانی بێ یاخود هەر فۆرمێکی تر بێ، ئەو خەیاڵاتانە دادەڕێژێ


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

زمانەکە، یاخود ئەو ڕوداوانەی کە چنیویەتی دەبێتە ناوەندێک و بنکەیەک بۆ لەئامێزگرتنی ئەو وێنەو ئەندێشە و خەیاڵانە. (القط: ١٩٨١: ١٥٣).

هەمیشە ئەبێ بەو فۆرمەش کاربکرێت، کە چیرۆکنوس دەبێ لەسەر وەتەری خەیاڵ تێکشکاندنی ڕیتمی زمانەوانی و گەڕان بەدوای فۆرمێکدا کاربکات، کە جێگەی ئاماژەو دەلالەتەکانی نوسەری تیادا بێتەوە. (عساف: ١٩٩٦: ١٧٦). لەنوسینی چیرۆک یان شیعریشدا، خەیاڵ هەمیشە ڕۆڵی بینیوەو دەبینێت، لەفراوانکردنی بابەتەکان و جوانکردن و گێڕانەوەی واقیعیەتی ژیان.

لەلایەکی دیکەوە، وەکو ئەوەی ئەدۆنیس دەڵێت: هەوڵێکی زۆرمداوە لەبنیاتنانی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان وشەو شتەکاندا، لەنێوان مرۆڤ و گەردوندا، چونکە یاخیبون لەئەدەبدا ڕەتکردنەوەی هەمو دەسەڵاتێکە، شاعیر یاخو نوسەر، ناتوانێت ڕازی بێت بەو شتانەی وەکو هۆی بونی هەیە، بەڵکو دەبێت تێپەڕاندنی شتەکان بکات. (إسماعیل: ١٩٧٦: ٤٩).

یاخیبون بۆ شاعیر و هەر یەکێکی تری وەکو نوسەر، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان وشە و شتەکانە. وەکو ئەوەی ئەندێشە ڕۆڵی کاراو گرنگی لەچنینی دەقی شیعری و پاشان هەر دەق و چیرۆکێکی تردا هەیەو هێزی دەرونی شاعیر و نوسەرانە. (إسماعیل: ١٩٨٨: ٦٩– ٧٠) پاشان خەیاڵ ڕۆڵی بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی بەهێز دەگەیەنێت و باشترین بەرهەم و شاکاری ئەدەبیش، ئەو بەرهەمانەن، کە خەیاڵی فراوان و داهێنەریان تێدایە. چونکە تا خەیاڵ فراوانتربێت، دەتوانێت وێنە و وشەی نوێ بهێنێتە بون. هەروەکو ئەوەی کامل بەسیر دەڵێت: ئەندێشە ڕەگەزێکی یەکجار گرنگە لە ڕەگەزەکانی وێژە، چونکە بەهۆیەوە ئەم چالاکییە ئادەمیزادانەیە، لەزانست جیادەکرێتەوە، هەروەها شوێنەوارەکانی کەسایەتی و ژینگەی وێژەر دەردەبڕن و ڕێگەیەکە بۆ هەست و نەستی خوێنەران. (الشعار: ١٩٩٩: ١٦٩).

## تەوەری دوەم: کەتوار (واقیع) لە خەوما

مرۆڤ لەهەر شوێنێک بژیت و تیایدا گەورە بێت، هەڵبەتە لەنێو ڕوداوی تاڵ و شیریندا گەورە دەبێت، هیچ مرۆڤێک نییە لەسەر ڕوی زەمین، لەسەرەتای ژیانییەوە تا کۆتایی ژیانی هەموی هەر خۆشی و شادی بێت، یان لەسەرەتای ژیانییەوە تاکۆتایی ژیانی هەموی ئازار و مەینەتی بێت، بەڵکو خۆشی دێت و ناخۆشی دەسرێتەوە و ناخۆشی دێت، خۆشی دەسرێتەوە، ئەم خۆشی و ناخۆشیانە گەر بارێکی تایبەت بن بەنوسەر یان شتی گشتی بن، هەمو میللەت بگرێتەوە لەنێو شاکارە ئەدەبییەکان ڕەنگ دەداتەوە.

چونکە وەکو وتراوە ئەدەب ئاوێنەی ژیانە، هەندێکی تر دەڵێن ئەدەب مێژوە، ئەدەب شتێکی هەمەلایەنە و زمانحاڵی مرۆڤە و ڕۆچۆتە نێو هەمو باسەکان و ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی. چونکە ئەدەب ئەو ڕوداوانە لەئامێز دەگرێت، کە واقیعن. بەنمونەی ئەنفال، کە تراژیدیایەکی جەرگبڕبو، بەسەر میللەتی کورددا هات. دەبینین ئەم هۆڵۆکۆستە لەناو هەمو ژانرەکانی ئەدەب ڕەنگیداوەتەوە. (سلێوە: ٢٠٠٩: ٥٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

واقیع و خەیاڵ لەڕوی ماناوە، دو شتی دژ بەیەكن، بەڵام لەڕوی كاری ئەدەبی تەبان و هەمیشە شان بەشانی یەكتر دەڕۆن، چونكە ناكرێت شـــاعیر باس لە بەســـەرهاتێكی واقیعی بكات، بەبێ ئەوەی خەیاڵی تیادا بەكاربهێنێت. چونكە پێكهاتەكانی یەكتری تەواو دەكەن، واقیع خســـتنەڕوی ژیانی ڕۆژانەیە لە ئەدەبیاتدا. (المحمدی: ١٩٩٦: ٩٧) كە دەڵێن واقیع ژیانی ڕۆژانەیە، نوســـەر یان شـاعیر بەجۆرێك دەیخاتە بەردەســت، كە وێنەیەكە لە واقیعدا وەریدەگرێت و هەڵیدەوەشـێنێتەوە. پاشـان خەیاڵی خۆی لەگەڵ تێكەڵ و ئاوێزان دەكات و لەفۆرم و قاڵبێكی هونەریدا دایدەڕێژێت. وامانلێدەكات هەســـت بە بەهێزی بیرەكانی بكەین لەو بابەتانەی، كە پەیوەســتە بە بارودۆخ و واقیعی كۆمەڵگاوە و هەمیشــە نوســین و كارەكانی لەواقیعی كۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێن. (الخطیب: ٢٠٠٥: ١٧٩).

لەچیرۆكی (لەخەوما)شــدا، ئەوەی جێگەی ســەرنج بێ بەشــێكی تری لێكۆڵەران پێیانوایە چیرۆكەكە واقیعی و ڕیالییەو نوسەر خۆی لەو دەم و سەردەمەدا ژیاوەو خۆی نوسیویەتیەوەو ڕوداوەكان بەسەر خۆیدا هاتون و ئازار و بەســەرهات و مەینەتییەكانی وای لێكردوە، ئەو چیرۆكە بنوســێت و لەگەڵ هەســت و ســۆزی هەمو تاكێكی كۆمەڵگەدا تێكەڵ دەبن و بون و ئەو وێنانەی پێكهێناوە و بوە بەپارچەیەك لەرۆحی (جەمیل صائیب).

هەڵبەت ژیانی ڕۆشــنبیری و ئابوری و ســیاســی، بەتەواوی ســیاســەت و ململانێی ســیاســی لەوكاتەدا ڕەنگیداوەتەوە بەســـەر چیرۆكەكەدا و لەناو خەڵكەوە هەڵقوڵاوە. ناكرێ ئاماژە بەوەش نەكەین كە بارودۆخی ئابوری لەوكاتەدا زۆر خراپ بوە و هاوشێوەی ئێستا خەڵك بێ موچە و بازاڕبون و نەبونی باڵی بەسەر بازاڕ و ئابوریدا كێشـابو. لەگەڵ ئەوەشـدا باری ئابوری و كۆمەڵایەتی و سـیاسـی سـێ كۆڵەگەی گرنگن، بۆ هەمو ســـەردەمێك، چونكە كۆمەڵگا بەمانە بنەما دادەنێت و تێكچونی هەریەك لەمانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەناو كۆمەڵگـادا. مەرجیش نییە، هەمیشـــە لەپێشـــكەوتن و گۆڕانـدا بن، بەڵكو لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر، لەبارودۆخێكەوە بۆ بارودۆخێكی دیكە دەگۆڕێن و بەجێگری نامێننەوە.

نوســەر، یاخود شـاعیر ناتوانێت خۆی لەواقیع بدزێتەوە، چونكە خۆیشـی وەكو تاكێك بەشـێكە لەگشـت، ڕاستە شاعیر یان نوسەر لەهەستی خۆی دەدوێت، بەڵام هەست و سۆزیان- مەشاعیریشیان لەواقیعەتی كۆمەڵگاوە ســـەرچاوە دەگرن. چونكە واقیعیەتی ژیانی تاكە كەســێك لەهەمانكاتدا واقیعی ژیانی دەیان تاكە كەســی ترە، چونكە مرۆڤەكان لەشتە واقیعییەكان و هەستو سۆز و كێشەكان هاوبەشن.

واقیعیەت لەلای هەریەك لەئەرستۆ و ئەفلاتون، خوێندنەوەی جیاوازە، بەجۆرێك ئەگەر ئەفلاتون، بەدو هەنگاو هونەری لەژیان و كۆمەڵ دورخســتبێتەوە، ئەرسـتۆ بەدو هەنگاوی تر ئەدەب بەهەمو گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵ بەســـتوتەوە. (الجنابی: ١٩٨٩: ١٢٢). دەبێت دان بەو ڕاســـتییەشــدا بنێین، كە هەرچەند دەق بەپێی قوتابخانە ئەدەبییەكان لێكدانەوەی بۆ بكرێت، وەك ئەوەی دەڵێن، ئەو دەقە ڕیالیزمەییە، یاخود ڕۆمانسییە...تد.

بەڵام مانای ئەوە نییە ئەو دەقانەی ڕۆمانســی بن، شـۆڕاونەتەوە لەواقیع و فڕیان بەسـەر واقیعەوە نەبێت. ئەو دەقانەشـــی پێی دەوترێت ڕیالیزم، هەتا ســەر ئێســقان ڕیالیزمییە. بەڵام دەقی تریش هەیە، كەمتر لەواقیعەتی تێدایە. بۆ نمونە لە ڕیالیزمی سـحریدا، لایەنی بەكارهێنانی خەیاڵ، لەگەڵ بەكارهێنانی ئەفسانەدا تێكەڵ دەكرێت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

و لەگەڵ ڕوداوی واقیعی موتوربە دەكرێت و كاتی ئێستا دەكرێتە زەمینەی ئاوڕدانەوە لەڕوداوە ڕابردوەكان، (سلێوە، ٢٠٠٩، ٥٩)، واقیعێک نیشاندەدات هەر چەندە خەیاڵاوی و ئەفسانەش بێت، كاتێک شاعیر بیەوێ شیعرێكی چیرۆكئامێز بنوسێتەوە، ئەوا قارەمانی شیعرە چیرۆک ئامێزەكە، لەنێو خەڵكەوە هەڵدەبژێرێت و لەهەر ژینگەیەک كە خۆی بیەوێت، ئەم تاكە هەم نوێنەری هاوجۆرەكانی خۆیەتی، هەم وابەستەی ئەو كۆمەڵگایەیە، كە تیایدا دەژی و لەڕێی ئەو تاكەوە ئێش و ئازاری ئەم چینە دەخرێتەڕو، كە واتە واقیع و باری ژیانی شاعیر، بنەما و هەوێنی دروستكردنی بەرهەمی ئەدەبییەكەن.

لەو بارەوە زیاتر، جان پۆل سارتەر، دەڵێت: (ئەدەب گوزارشت لەژیان دەكات و دەربڕی تێگەیشتنی ئەدەبییە لەكۆمەڵگەكەی و تێگەیشتنی ئێمەش بۆ ژیان، چڕتر دەكاتەوە. چونكە زۆرجار هەیە دیاردەیەكی خراپی كۆمەلایەتی سەریهەڵداوە، یان زۆرشت هەیە دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەشەكردنی كۆمەڵگا. دەبینین نوسەر هەست بەو دیاردەیە دەكەن كە لەنێو شاكارە ئەدەبییەكان ڕەنگدەداتەوە و ئێمەی خوێنەریش لەڕێی ئەم دەقانەوە قوڵ بونەوەو چڕبونەوەمان بۆ ئەو دیاردانە زیاتر دەبێت)، (coombes: 1982, 432)، ئەدیبان لەبواری نوسین، ئەو ئیلهامەی یان ئەو بیرەی بۆی دێت، پەنگخواردوی ناخ و دەرونی خۆیەتی دەیخاتە سەر كاغەز.

ئێمەش دەیخوێنینەوە و وا هەست دەكەین بۆ ئێمە نوسراوە. چونكە مرۆڤەكان لەزۆر كێشەو هەستو سۆزەكان یەكدەگرنەوە. جگە لەوەش نوسەر تەنها لەناخی خۆیی و ژیانی خۆیشی وردنابێتەوە. بەڵكو بیر لەواقیعی ژیانی كۆمەڵگاكەشی دەكاتەوەو لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەكاندا ڕەنگدەداتەوە. وەكو ئەو چیرۆكە، كە چۆن نەهامەتی و نەبونی و خراپی باری ئابوری لەلایەک و ململانێی سیاسی لەلایەكی ترەوە بوە، هەوێنی دروستبونی ئەو چیرۆكە لەلایەن (جەمیل صائیب)ەوە. چونكە ئەو دەنگدانەوەیەی چیرۆكی لەخەوما، كە كاریگەری تا ئەمڕۆش هەیە وماوە، جگەلەوەی بەیەكەمین چیرۆكی هونەری كوردی دانراوە، سیحر و موعجیزەكەی لەوەدایە كە پڕاوپڕە لەحەقیقەت، فەزیلەت، واتای فەلسەفیانە، قەدرو بەهای زیاتر دەبێت. چونكە دەبێت نوسەر زانا بێت، ئەگەرنا ناتوانێت مەعریفەی نوێ ببەخشێت. (جەمیل صائیب) چونكە لەناو كۆمەڵگەو خەڵكەكەی بوە، بۆیە لەناخی كۆمەڵگا ژیاوەو ئاگاداری هەمو پێشهات و بەسەر هاتە واقیعییەكان بوەو لە (خەوما)دا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە.

ئەوە ڕەنگدانەوەی واقیعەو پاشان فەنتازیا و خەون ئەو وێنەیەیە كە واقیعی ڕۆژانە و ڕابردوی نیشانداوە. هەندێجار ئاوێنەكە ڕونەو هەندێجاریش تەڵخ و پڕ نهێنییەو بەباشی نابینرێت. بەو وتایەی گەر خەون ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، ئەوا واقیع، واقیع خۆیەتی. وەكو وتیشمان لەئەدەبیاتیشدا خەون و واقیع، ڕۆڵیان بینیوە لەدروستكردنی ئەو بەرهەم و دەقانەدا. واتە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، كە هەر دەبێت شتە واقیعییەكانی ڕۆژانە بەڕوت و قوتی دابنرێتەوەو ناوبنرێت ئەدەب، بەڵكو دەبێت جوانتر بكرێت و گەورەتر بكرێت و لەشێوەی ئەدەبی و ڕادەیەكی هونەری پێشكەش بكرێت. چونكە جوانی واقیعەیەت پشت بەخەیاڵ دەبەستێت، خەیاڵ، ڕۆڵی جوانكردنی شتە واقیعییەكان دەبینێت و دەتوانێت بەرگێكی زیوی درەوشاوە و جوان، واقیع بدات



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

و لەبەرگێکی بەرزی هونەری دایبرێژێت. هەر ئەو بەرگە خەیاڵاویەشـــە، دەتوانێت شــیعریەت دروســـت بکات ڕوداوەکان بخاتە بۆتەی ئەدەبیاتەوە، هەر ئەو خەیاڵاتەش وادەکەن ڕوداوەکان گەورەتر و زەفتر و جوانتر و چێژبەخشتر بێنە بەرچاو. (Johes: 1988: 173).

یەکێک لەو هۆکارە دیارانەی کە چیرۆکنوس (جەمیل صائیب) و هونەرەکەشی پێشخست، دیاریکردنی بابەت و مەســـەلەی هەژاریی و نەداریی و نەبونی دادگەری کۆمەڵایەتی بو، لە کۆمەڵگەی کوردی لەو قۆنـاغەدا و لەڕێگەی چیرۆکی (لە خەوما)وە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا، حەقیقەتی ئەو ســـەردەمە بو! بەڵام صـــائیب خۆی بەدورنەگرت لەڕەســـەنایەتی بەوەی تەنها بڵێ گوڵ جوانە. واتە، تەنها ئاماژە بەجوانییەکان بکات و خەم و نارەحەتییەکان پشـتگوێ بخات، بەڵکو ڕەوتی قوڵی کۆمەڵایەتی و مرۆڤە هەژارەکانی دەوروبەری خۆی خستە بەردەســت و بێدەنگ نەبو لەزوڵم و ســتەمی حوکم و دەســەڵاتداری ئەوکاتە. خاوەن تێڕوانینێکی ورد و خێرا بو، تەواوی گۆڕانکارییە ورد و درشتەکانی ناو کۆمەڵگای پێکا و کەمەربەستی کردن.

لەلایەکی دیکەشـەوە، هەر سـەبارەت بەخەون و خەیاڵ، ڕەنگە چیرۆکنوسـان زیاتر لەو مەخلوقاتانەبن، کە هەم ئاوات بەبینینی زۆرترین خەون بخوازن، هەم زۆرترین خەونیش ببینن. بۆیە ڕەنگە زۆرجار ئەو خەونانە ببێتە ئیلهام بۆ نوســـینی دەق و بەرهەمەکانیان. لەســـەرەتاکانی چیرۆکی کوردیش، وەکو ئاماژەمان پێدا، دەبینین خەون هەوێن و پێکهاتەی ســـەرەکی یەکەم چیرۆکی کوردییە، (لەخەوما) گەرچی ڕەخنەگرتنێکی ئاشـــکرای دەسـەڵاتی ئەوکاتی شـێخ مەحمودە لەو سـەردەمەدا و پێوەی دیارە. بەڵام بەکاربردنی خەون لەگێڕانەوەدا، بۆ ئەو سـەرەتایەی چیرۆکی کوردی، کارێکی پڕ بایەخە. هەروەکو ئەوەی (سـیگمۆند فرۆید)یش باسـی لەبارەوە دەکات، کە خەون بەهۆی وروژێنەرە دەرونییەکانەوە پەیدادەبێت و پەیوەندی بەهەسـت و سـۆزەکانەوە هەیە. پاشــانیش (ئێل شــترۆمپێل)یش باس لەوەدەکات، کە ئەوەی خەون دەیبینێت، پشــت دەکاتە جیهانی هەســت و بێداری، لەخەوندا ناواخنی یادەوەرییەکانی بێداری و ڕەفتارە ئاســاییەکان بەزۆری ون دەبن، دەرون لەخەوندا بەشێوەیەکی نیمچە دابڕاو بێسنور، لەناوەڕۆکی حاڵەتی ئاسایی جیادەبێتەوە. پاشان (جەمیل صائیب) هەوڵێکی جدیدا لەسـەردەمی خۆیدا، کە نزیکەی سـەدەیەک لەمەوبەر لەڕێی خەونەوە، گوتاری گێڕانەوەی پەرەپێدا لەنێو کولتوری ئێمەدا. چونکە هەر کولتورێک خەونی زۆری تیادا نەبینرێ، جوانی تێدا بەرهەم نایەت. (سدیق: ٢٠١٢: ١١).

### تەوەری سێهەم: حومکڕانییەتی و دەسەڵاتی شێخ مەحمود.

### کاریگەری لەسەر دەرونی گێڕەرەوە

بەدرێژایی مێژو، میللەتی کورد هەر لەســـەرەتای دروســـتبونییەوە، بەش مەینەت و ماف خوراوبوەو زوڵمی لێکراوە، ئەوەش بەهۆکاری ســـیاســـی و ئابوری. لەڕوی ئابورییەوە کوردســـتان، خاوەن خاکێکی بەپیت و گونجاوە بۆ کشـــتوکاڵ و دەوڵەمەند بەکانزا بەنرخەکان، لەنێویاندا نەوت بەڕادەیەکی زۆر. هەروەها لەڕوی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

جوگرافیی و هەڵكەوتەوە، كوردستان دەكەوێتە سەرەڕێی بازرگانی نێوان چوار وڵات، ئەمەش وایكردوە ببێتە ناوچەیەكی گرنگ و جێگەی بایەخ و تەماعی وڵاتانی هەرێمایەتی و زلهێزەكانی دونیا .

لەلایەكی دیكەوە، هۆكاری ناوخۆیی، خاڵێكی گرنگە كە نەیهێشتوە كورد، بەئامانج و خواستەكانی بگات. ناكۆكی هەمیشەیی لەناویەكدا، دوبەرەكی و نەبونی یەكگرتویی و یەكگوتاری. ئەمەش وایكردوە ئیمپراتۆر و وڵاتانی هەرێمایەتی، بەئاسانی ئەم خاكە یان بەشێكی زۆری داگیربكەن و دەستبخەنە كاروبارەكانییەوەو بەویستی خۆیانو لەبەرژەوەندی ئامانجەكانیان بەڕێوەیبەرن و بەكاریبهێن. هەروەها بڕیاری دابەشكردنی كورد بۆ چوار پارچە، بۆتە هۆی ئەوەی كورد نەتوانێ خۆی ڕێكبخات و ببێتە خاوەن دەسەڵاتێكی بەهێزی خۆبەڕێوەبەریی، دەوڵەت و كیانێكی بەخۆی دورست بكات.

گەر باس لەبارەی حوكمڕانییەكەی شێخ مەحمود بكەین، لەڕوی ئەدەبییەوە و لەژانری چیرۆكەوە، ئەوا هزر و هۆشمان دێتەوە سەر چیرۆكی (لەخەوما) و پاشان شیعرەكانی (حەمدی ساحێبقران)، كە چۆن باس لەگەندەڵی و ناعەدالەتی و ستەمكاری حوكمداری كوردستان دەكات. چۆن كاریگەری لەسەر هەمو لایەنەكانی ژیانی خەڵك هەبوەو لەو سەردەمەدا، باسی ئەوە دەكات، كە چۆن شێخ مەحمود زەوی و زاری بۆ خۆی قۆرخكردوەو دارودەستەو كەسوكارەكەی جیاوازتر لەخەڵك و جەماوەری بەشمەینەت ژیاون، هاوڵاتی ئاسایی مافخورا و لەمەینەتدا ژیاون و ناچاربون كۆچ بكەن و لەدەست زوڵم و جەور و ستەم خۆیان ڕزگار بكەن. لەڕوی سیاسیشەوە، لاوازبوەو نەیتوانیوە كارێك بكات، كە وڵاتە زلهێزەكان و داگیركەرانی ئەوكات، وەكو بەریتانیا پاڵپشتی بكەن، بەڵكو بەپێچەوانەوە شەڕی لەگەڵ كردون و دژایەتی كردون.

شێخ مەحمود، پاش ئەوەی كە یەكەمین حوكمەتی كوردستانی لە (١٩١٨/١١/٧) پێكهێنا، بەسەرۆكایەتی خۆی دو نامەی بەناوی حكومەتەوە بۆ كاربەدەستانی ئینگلیز (كۆلۆنێل ئارنۆڵد –وڵسن)ی بریكاری حاكمی گشتی لەعیراقدا بە (سەید محسن ئاغا)دا، لەكفری و (جەنەراڵ مارشاڵ)ی فەرماندەی هێزی ئنگلیز لەكەركوك ناردو داوای لێكردن، كە یان ناوچەكەی بدەنە دەست یان خۆی وەك نوێنەری ئەوان حوكمی بكات، هەر لەدرێژەی حوكمڕانییەكەی و پەیوەندییەكانی لەگەڵ بەرپرسانی ئینگلیزدا، شێخ مەحمود لەناوەڕاستی مانگی (تشرینی دوەم)ی ساڵی (١٩١٨)دا، پێشوازی لە (مێجەر نوئێل)ی نێردراوی حكومەتی بەریتانی كرد. لەسەردانەكەیدا بۆ شاری سلێمانی، نوئێل ڕایگەیاند :

لەسەر فەرمایشتی حاكمی گشتی لەبەغداد، شێخ مەحمود، حوكمداری كوردستانە! شێخ مەحمود هەر لەسەرەتاوە داوای لە ئینگلیزەكان كردوە، كە ناوی كوردستان لە لیستی گەلانی ئازادیخواز نەسڕنەوە! لەبەرامبەردا ئینگلیزەكان دەیانویست كەڵك لەپێگەو دەسەڵاتی شێخ مەحمود وەربگرن و هێزی سەربازی خۆیان لەهەرێمەكەدا جێگیربكەن، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر لەسەرەتای دروستبونی حوكمداری شێخ مەحمود، بەردەوام ئینگلیزەكان دوچاری شەڕو ئاژاوەیان دەكردو دژی حكومەتەكەی مەلیك مەحمود وەستانەوەو نەیانهێشت دەسەلاتی فراوان بێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

شـــێخ مەحمود، دوای ئەوەی لە (١٩١٩/٥/٢٢) بە فەرمانێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتی کوردســـتان دەســـتنیشـــانکرا، نامەی بۆ خێڵانی ســـۆرانی و بادینی نوســـی و داوای کرد پشـــتگیری و هاوکاری لێکردن، لە (١٩١٩/٣/٢٠) وەکو ســـەرۆکی حکومەتی کوردســـتان، نامەیەکی لەڕێگەی نوێنەرایەتی تایبەتی خۆیەوە (ســـەید ئەحمەد بەرزنجی) و (سەید ڕەشید زەکی کابان)ەوە بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی جیهانی لەپاریس ناردو تیایدا داواکارییەکانی گەلی کوردی ڕونکردەوەو داوای کۆمەک و پشتگیری لێکردن.

هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان شـــێخ مەحمود و دەســـەڵاتدارانی ئینگلیز و گەیشـــتە بنەبەســـت و دواتر ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی دەستگیرکردن و دورخستنەوەی شێخ بۆ هندستانی لێکەوتەوە، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار بەریتانیا نەیتوانی بە یەکجاری پێگەو ڕۆڵی لەباشوری کوردستان و عیراقدا فەرامۆش بکات، لەبەرئەوە لەسەر ڕاسپێری (گۆڵد سیمیس) بۆ هێنانەوەی بۆ کوردستان لە(١٩٢٢/٣/١٢)دا هێنرایەوە بەغداد و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک گفتوگۆی لەگەڵ چەند کەســـایەتییەکدا کرد. شـــێخ، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ شـــاری ســـلێمانی، مەزبەتەی بە چەندین شێخ و سەرۆک خێڵ مۆرکرد، تاکو ببێتە بەڵگەنامەی داواکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە خۆی پێشەوایەتی دەکات.

حوکمڕانێتی ئەوکات و لەو ســـەردەمەدا زۆر قورس و نـاڕەحەت بوە بۆ جەمـاوەرەکەی، بەجۆرێک هێندە توندڕەوانە مامەڵەیان کردوە، کە کوشـتن و بڕین، بێســەرو شـوێنکردن، یەکێکبون لەپیشـەی ســەربازانی ئەو دەمە! هەروەکو ئەوەی ئێستا دەیبینین لەحوکمڕانێتی ئێســتای کوردســتان، کە وەک درێژکراوەی ئەو مێژوە و هەمان حوکمڕانی ســـەردەمی شـــێخ مەحمود دەبینرێت. کە ئێســـتاش هەمان زوڵم و زۆرداریی و ناعەدالەتی سەرکردەکانی کورد، کە چۆن هەمو شتێکیان بۆ خۆیان قۆرخکردوەو خەڵکیان خستۆتە نەهامەتییەوەو لەمافە ســـەرەتاییەکان بێبەشـــیان کردون. کە ئەمەش وایکردوە چەندەها خێزان و گەنجی کورد، ســـەری خۆیان هەڵگرتوەو ئاوارەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بون. هەروەها بەهەمان شـێوەی سـەردەمی شـێخ مەحمود، ناکۆکی ناوخۆیی و ململانێ ســـیاســـییەکان لەنێوان بەرپرســـانی کورد، وایکردوە کورد نەگات بەئاواتەکانی و هەمیشە لەمەترسی داگیرکردن و لەناوچونداییٚ! ئەمەش بەهۆی ئەوەی بونەتە داردەست و بەیدەقی شەترەنجی بەرژەوەندخوازیی وڵاتانی هەرێمایەتی.

لەڕوی ئەدەبیشـەوە، بەهەمانشـێوەی ململانێ سـیاسـی و ناکۆکییەکان، ئەو کاریگەرییە بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە. لەلایەکی دیکەشـــەوە، ئینگلیزەکان لەگەڵ تەواوبونی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، مەبەســـتیان بو نزیکتر لەجاران ئاگاداری ئەوەبن کێ لەکوردستاندا دەستی دەڕوات و سەنگ و ڕەنگی ئەو کەسانە چەندن و چین و هەواداری چ هێزو لایەن و دەوڵەتێکن و بۆ؟

لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر بەڵگە نامە و ڕاپۆرت، دەربارەی کەسایەتییەکانی کوردەواری لە ئەرشیفی نیشتمانی حکومەتی بەریتانیادا پارێزراون، کە بێگومان ســـەنگی مێژویی و کۆمەڵایەتی و ســـیاســـیان زۆر زۆرە، چونکە ڕۆڵی تاک یان کەســـایەتی، بەپێی هەمو پێوانەیەک، لەنوســـینەوەی مێژوی گشـــت نەتەوەیەکدا، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوە. شـێخ مەحمود، کەسـایەتییەکی دیاری ناوچەکە بوەو جێدەسـت و ڕۆڵی کاریگەری هەبوە. پەیوەندی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

لەگەڵ کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هەمیشە بەهێز بوە. سلێمانیش، کە لەژێر حوکم و دەسەڵاتی شێخدا بوە، هەمیشە جێگەی چاوتێبڕینی دوژمنان و بێگانە بوە. چونکە سلێمانی، یەکێک بوە لەو شارانەی کوردستان، شوێنی دیاری لەخەباتی ڕزگاریخوازی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەی کورددا هەبوە. ئەوەی تا ئێستا لە زۆر سەرچاوە و بابەتی دیکەدا، لەو بارەوە زۆری لەسەر نوسراوەو وتراوە، هەروەک شێخ ڕەزا واتەنی (سلێمانی دار المولکی بابان) بوە.

سەبارەت بەکورد، واچاوەڕواندەکرا، کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاتنی ئینگلیز ببێتە سەرچاوەی خێر و بەرکەت بۆ نیشتمانەکەیان، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبون، ڕۆژێک لەرۆژان، تانک و فرۆکەی ئەوانیش بکەونە دروێنەی گوڵ و گوڵزار و پیرو زارۆکی نەتەوەی کورد. هەروەکو ئەوەی لەچیرۆکەکەشدا، باسی لەبارەوە دەکات، کە نەک هەر ئینگلیز، بەڵکو تورکیش نەیهێشتوە و ڕێگەی نەداوە، میللەت بەئیسراحەت و سەربەستی دانیشن. وەکو ئەوەی هاتوە، کە:

(...هەریەکەو لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکرد، وتیان: ئێمە هەمو بۆچی چاکین و بەکەڵکی چی دێین، ئەمە چەند ساڵە عومرمان ڕابواردوە، ئیتر ژیانمان بۆچییە؟ نامانەوێ! ئان ئەبێ هەمو خۆمان بدەین بەکوشت، یان ئەبێ هەرخۆمان بین، جارێکی تر خۆمان ناکەین بەژنی کەس، هەرسەری تۆمان بۆ خۆش بێ، ئیتر چاومان لەکەس نییە، بەخوا نە تورک، نە ئینگلیز نایەڵن ئێمە بەڕەحەتی و سەربەستی دابنیشین. تورک بێ (ممد أوغلی)یەکانیان (أشیک کەرەتە و هەریف)مان لێ ئەهێننە پێشەوە. هەر نایەڵن چاومان بکەینەوە، بەسەرماڵمانەوە بەشی اعانە و مبایعە و اعدامی ئەوان ناکەین. ئینگلیز بێت شەبقە بەسەر سەبیلێک ئەگرن بەلای دەمیانەوە، صاحێب، صاحێب ئەبێ تەشیان لەبەردا بڕێسین...)، (صائیب: ١٩٧٥: ٦٩).

لێرەدا دیارەو لەچەند جێگەی تری چیرۆکەکەدا هاتوە، هەریەک لەو بێگانانە چۆن ژیان و گوزەرانی خەڵکی سلێمانی و کوردستانیان لەوکاتەدا شێواندبو، لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و مەبەست و مەغزای خۆیان، چیتریان نەبو بۆ کورد. پاشان هەریەک لەم بێگانانە بون، کە شێخ مەحمودیان دەربەدەر کردو لەژێر حوکم و سیاسەتی ئەمانەدا ئاوارەیی کوردستانی ئێرانیان کرد، دوای خەباتێکی دور و درێژی بێوچان و هەوڵێکی زۆری بێ ئەنجام لەگەڵ ئینگلیز و تورک و سۆڤییەتدا، شێخ مەحمود، لەژێر فشاری فرۆکە و تۆپ و تانکی ئینگلیزدا، ساڵی (١٩٢٧) ناچار بو، بەوە ڕازی بێت لەناو خاکی کوردستانی ئێراندا بمێنێتەوەو دەستیش وەرنەداتە کاروباری باشوری کوردستان و لەبەڵگەنامە نهێنییەکانەوە دیارە شێخ مەحمود، ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ لەئاڵوگۆڕ و ڕوداوەکانی پاییزی ساڵی (١٩٣٠)ی کوردستانی باشور، تایبەت لەهەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی بەردەرکی سەرا نەبوە.

بەڵام دوای ئەوەی کار لەکار ترازا و ڕاپەڕینی شەشی ئەیلول هەڵگیرسا، ئیتر شێخ نەیدەتوانی دورە پەرێز بوەستێت، ئەوەبو دوای تێپەڕبونی ماوەیەک بەسەر شەڕی بەردەرکی سەرا، خۆی و پێشمەرگەکانی سنوری دەستکردیان بەزاند و هاتنەوە ناو خاکی کوردستانی باشور. بەو جۆرە شەڕی بەردەرکی سەرا بوە هۆی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

سەرەکی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەڕابەرایەتی شێخ مەحمود. (مەزهەر: ٢٠٠٨: ١٩٦).

بەپێی بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی، ئینگلیزەکان لەو ڕۆژگارەدا پەرۆشی ئەوەبون لەیەککاتدا لەهەردو ناوچەی بادینان و سۆران، شۆڕشی کورد نەتەقێتەوە! بۆیە هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی چەند دەتوانن ڕۆژێک زۆرتر ڕاپەڕینە نوێکەی شێخ دابمرکێننەوە، بەتایبەت لەبەرئەوەی ئاگاداربون ناوچەی بارزانیش لەسەر پێن! شێخ مەحمود، کاتێک لەدەسەڵاتی عوسمانیدا بوە، لەدوا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەسلێمانی هۆزەکانی خۆی دەکێشێتەوە لەساڵی (١٩١٨)دا، میرییەکی کوردی لەکوردستانی باشور دادەمەزرێنێ. لەم قۆناغ و هەنگاوەیدا (مێجەر نوئێل)ی فەرمانڕەوای ڕامیاری بەریتانیا لەکوردستان، پشتگیری دەکات و حەز دەکات کورد، دەسەڵاتێکی ڕامیاری خۆی هەبێت و جودابێت لەعێراق.

لەزاری (ستیڤن لۆنگریک)ەوە لەپەرتوکەکەی عێراقیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەسەڵات و حوکمڕانییەکەی شێخ ناوچەکانی هەڵەبجە و سلێمانی، تا ڕەواندوزی گرتۆتەوە. ماوەیەکیش کۆیە و ناوچەکەشی سەر بەمیرییەکەی شێخ بون و بەدەیان سەرۆک خێڵی کوردی، کەوتنە پاڵی و زمانی کوردی بوە بە زمانی فەرمی میرییەکەی و فەرمانبەری لەکورد بەو لاوە کەسی تر نەبون. شێخ مەحمود، هەستی دەکرد بەریتانیا بەدڵ لەگەڵ کورد نییە! وردە وردە لەپەیمان و بەڵێنەکانی کە بەکوردی دابو، پاشگەز دەبێتەوە! بۆیە لەڕۆژی (٢)ی مایسی (١٩١٩) سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی ڕاگەیاند و ئینگلیزەکانی لەسلێمانی وەدەرنا و هەندێکیشی بەدیلگرتن.

پاشان ئینگلیزەکان، هێزێکی چەکداری گەورە و گرانی خۆیان کۆکردەوە و لەقۆڵی کەرکوکەوە بەرەو سلێمانی هاتن و لەدەربەندی بازیان بە لەشکری خۆبەختکاری شێخ مەحمود گەیشتن. بەچەکی نوێ لەکوردیاندا و لەئەنجامدا شێخی نەمر، لەپەنا بەردەقارەمان بەدیلگیرا و بە برینداری بۆ بەغدا برا. دادگای سەربازیش، فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد! بەڵام دوایی بیریان لەوەکردەوە، گەر شێخ مەحمود بکوژرێ، باری کوردستان پتر ئاڵۆزتر دەبێت و شێخیش دیلەکانی ئینگلیزی نەکوشتون و هێرشی نەکردونەتە سەر سوپای بەریتانیا. بەڵکو لەباری بەرگری لەخۆکردندا بوە، بۆیە بڕیاریاندا فەرمانی سزاکەی سوک بکرێ و دوربخرێتەوە بۆ هندستان. دواتر لەساڵی (١٩٢٢) شێخیان هێنایەوە کوردستان و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و ناوی لێنرا پاشای کوردستان و لەساڵی (١٩٢٢) میرییەکی نوێی دامەزراند و میری بەریتانیا و مەلیکی عیراق (فەیسەڵی یەکەم) دانیانپێدا.

دوابەدوای ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لەدژی میری عیراقی و لەژێر چاودێری بەریتانیا، لەدوای شەڕەکەی بەر دەرکی سەرای سلێمانی و کوشتنی دەستەیەک لەخۆپیشاندەران، کاتێک هەواڵی ئەو ڕاپەڕینەی میللەتی زانی، هاتە دیوی پێنجوین و ئەو ناوچەیەی ئازاد کردو پیاوماوقوڵانی کۆکردەوەو یاداشتێکیان نوسی، کە زۆر توندبو بۆ نوێنەرایەتی بەریتانیا و داخوازی گەلی کوردیان نوسی. لەگەڵ نوسینی ئەم یاداشتەدا چەندین،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

سەربازی کورد و ئەفسەرانی لەریزی سوپای عیراق، هاتنەدەرەوەو چونە پاڵ بزوتنەوەکەی شێخ مەحمود و خۆیان ئامادەکرد بۆ گۆڕەپانی جەنگ لەپێناو سەرخستنی داخوازییەکانی کورد.

دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستانی بوەو قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان بوە. پێکهاتەو حکومەت و دەزگا ئیدارییەکانی تری شێخ، نیشانەی ئەوەن کە ئەم پیاوە هەڵکەوتوە، بایەخی داوە بەخەڵکی ڕۆشنبیر و زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد، پەیوەندیان بەشۆڕش و حکومەتەکەیەوە کردوە، لەخەباتی پارتیزانیشدا ڕۆڵی خوێندەوار و ڕۆشنبیری بەرز نرخاندوە.

لەلایەکی دیکەوە، پێچەوانەوەی ئەم بیروبۆچونەی کە شێخ، گرنگی باش و بەرزی داوە بەم چینە، بەڵام قسەو باسی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە فەرمانڕەوایان لەوکاتەدا دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر، نادادپەروەرانەیان هەبوە، هەروەکو ئەوەی (عەتا محەمەد) باسی لەبارەوە دەکات، کە چەتە ئاسا لەوکاتەدا کەوتۆتە گیانی خەڵکی سادە و بێتاوان! ڕەنگە هەرلەو لایەنەشەوە بێت کە (جەمیل صائیب) ئەو چیرۆکەی کرۆدتە خاڵێکی گرنگ و دەروازیەکی باش تا لێوەی ڕەخنە بگرێتەوە حکوم و دەسەڵاتی (شێخ مەحمود) کە لەپێشتر باسمانکرد، کە خودی (جەمیل صائیب) نوسینی چیرۆکەکەی لەدو گۆشە نیگاوە، لێکدانەوەی بۆ کراوە، وەکو (جەمال بابان)یش تیشکی خستۆتە سەر، کە جەمیل صائیب، لەبەری گەلدا بوەو لەگلەیی و گازندەییەوە لەو فەرمانڕەوایەتییەی شێخ بەرامبەر خەڵک، ئەم چیرۆکە لەدایکبوەو پاشان برسێتی و هەژاری و نەبونی خەڵک هاوشێوەی بارودۆخی گرانی و نەبونی موچە و لەلایەکی دیکە، ڕق و کینەی جەمیل صائیب لەشێخ لەو لایەنەوە کە براو ژنبراکەی (جەمیل صائیب)ی کوشتوە. گەرچی خودی چیرۆکەکە، چەندین باس لەخۆدەگرێت. هەروەکو چۆن جەمیل صائیب، خۆی باس لەوە دەکات کە ماوەیک بە بەئازاری نوسین و کۆتایهێنان بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەیەوە تلاوەتەوە. لەڕێگەی خاڵییەوە کە (حاجی تۆفیق- پیرەمێرد)ی شاعیرە، زیاتر هاندراوە تا ئەو چیرۆکە بخاتە سەر کاغەز و لەوشەو دەستەواژەی جواندا، بیخاتە بەردەست.

کاتێک سەردانی (جەمیل صائیب) دەکات، کە باسی بیرۆکەی گێڕانەوەی خەونێکی لەچیرۆکێکدا بۆ کردبو، هەر لەوکاتەدا پیرەمێرد، بەڵێنی پێدابو لەرۆژنامەکەی خۆی (ژیانەوە) چیرۆکەکەی بۆ بڵاوبکاتەوە. هەروەکو ئەوەی ئاماژەی پێکراو لەسەرچاوەکاندا بینرا، کە لەژمارە (٢٩)ی ڕۆژی (١٩٢٥/٧/١) بەشی یەکەمی (لەخەوما) بڵاوبۆوە. پاش چەند مانگێکی دیکەش، بەشەکەی تری لەرۆژنامەی (ژیان) بڵاوکرایەوە.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە جەمال بابان، لەئەیلولی (١٩٧٥) ئاماژە بەوە دەکات، کە چیرۆکەکە تەواو نەبوە، بەڵام مەبەستی هەمو داوە بەدەستەوە.

پاشان لەڕوی ئیداریی و عەسکەریی و دیپلۆماسییەوە، شێخ مەحمود، هیچی کەمتر نەبوە لەو پاشا و ئەمیرانەی، کە لەدەوروپشتی کوردستاندا پشتگیریان لێکراوە. ئەوەی ڕاستەو باسکراوە، ویژدانی تێدا بەکارهاتوە، چی لەسەر زاری نەوەکانمان لەرابردو، لەئێستاشدا شێخ مەحمود، ئەو پایەدار و گەورە تێکۆشەرەی کورد بوە، کە بەهیچ جۆرێک مەرامی بەهیچ دەسەڵاتێک نەبوە، تەنها ئەوە نەبێت ویستویەتی کورد بگاتە مافەکانی، کە لێیان زەوتکردوە، هەر لەپێشتریشدا لەجەنگەکانی نێوان دەسەڵاتی سەفەوی و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

عوسمانی، کاتێک ئەم دو هێزە کە لەراستیدا بونە هۆکاری بەشکردنی خاکی کوردستان، لەساڵانی (١٥٥٥)ز، کە دوای ئەوەی بەهۆی زۆری ئەو جەنگانەی ڕویاندا، کە پێشـــتریش پەیماننامەی تر لەنێوانیاندا مۆرکرابو، بەڵام لەپەیماننامەی سـاڵی ناوبراو، کە بە پەیماننامەی (ئەماسـیە) ناسـراوە، بەسـترا، ئیتر هەردولا بەتەواوی دانیاننا بەدەســەڵاتی یەکتر و ئەو ناوچانەی، کە کەوتنە بندەسـتی هەریەکە لەم دو هێزە، واتا کوردسـتان بەفەرمی بو بەدو بەشەوە و دواتر لەپەیماننامەی (زەهاو)دا، کە لەسەر خاکی کوردان و بەجۆرێکی یەکلا کەرەوەتر لەنێوان سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی و شای سەفەوی، کوردستان لەنێوان هەردولادا بەشکرا.

هەمو ئەو ماوانە بەجۆرێک لەجۆرەکان کوردســـتان بۆ بەرژەوەندی هەریەک لەو هێزانە وەک دەســـەڵاتی خۆماڵی ڕۆڵیان بینیوە. بەتایبەت دوای ڕێککەوتنی مەلا ئیدریســـی بەدلیســـی و دەوڵەتی عوســـمانی. کە زیاتر لە(١٥) سـاڵی خایاند. پاشـان شـێخ مەحمود، هەمیشـە هیوای لەســەر ئینگلیز هەڵچنیبو، بۆ ئەوەی کورد لەژێر دەســـتی زوڵم و زۆری دەوڵەتی عوســـمانی دەرباز بکات. هەوڵیدا ســـود لەئەزمون و حوکمڕانیەتی ئینگلیز وەربگرێ، بۆ ئەوەی حکومەتەکەی بەڕێوەببات. چی تر کورد لەچاوی تەماعکاری تورک، فارس و عەرەب بەدوربێت. (حیلمی: ١٩٩٢: ٦٩).

لەبارەی شـێخ مەحمودەوە، کورد دەبێت ئەو ڕاسـتییە حاشـا هەڵنەگرە بزانێت، کە ئینگلیز دۆسـتی کورد نەبوە، بەڵکو کاریان بەهێزکردنی عیراقێکی عەرەبی بەهێز بوە. لەگەڵ ئەوەشـدا باشـدەزانین سـلێمانی تێکەڵکرابو لە شەبقە بەسەر و تورک، هەروەکو چۆن لەناوچ چیرۆکەکەداشدا، زمانەکە و چ مامەڵەیان جێگەی خواس و باس بوە.

هەروەکو ئەوەی (نەوشیروان مستەفا)ش لەکتێبی (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) لەلاپەڕە (٢٦)دا، زۆر بەزەقی ئاماژە بەوە دەکات، کە دەســـەڵاتدارانی ئینگلیز، هەوڵی شـــێواندنی هێرشـــی پڕوپاگەندەی فراوانیان دەســـتپێکردوە. لەلایەکەوە ڕۆژنامەی ژیان کەوتۆتە نوســـینی وتار و لێدوان و لەلایەکی دیکەوە بەتۆمەتی بەفیڕۆدانی پارەی شـارەوانی داویانەتە دادگا، کە ئەمانە تەنها بۆ هەڵوەشـاندن و لێکترازاندنی جولانەوەکە بو، کە بەردەوام لەو هەوڵەدا کاریاندەکرد. (ئەمین:٢٠١١: ٢٦).

چەندین وتاری بڵاوکردۆتەوە، کە ئاماژەیە بۆ دەسـەڵاتی داگیرکاری و سـتەمی حوکمڕانیەتی ئەو سـەردەمەی شـێخ. یەکێک لەوتارەکانی تیایدا هاتوە: (قەد گورک ئەبێ بەشـوانی مەڕ..)! وتارەکەی، کە ژیان بڵاویکردۆتەوە لەژمارە (٣ و٤)دا لەشـوباتی (١٩٢٦؟) بەمجۆرە هێرش دەکات و بەدڵی خۆی نوسـیویەتی، مودەتێکی زۆر ئەم وەتەنە مەعســـومە بەدەســـت بەعزێ خائینانی خۆیەوە، ئەینالاند، هەر ڕۆژێ بەنەوعێ، هەر ســـەعاتێ بە بەهانەیەک ئەم میللەتە مەزڵومەیان ئیغفال ئەکرد! ئەم خائینانە گاه بەمەسـئەلەی موسـڵ و هاتنەوەی تورکەوە میللەتیان ئەتۆقاند، گاه بەوەعدی ئیســـتقلالیەتی کوردەوە ســـەریان لەم خەڵکە ئەشـــێواند، تا لەنەتیجەدا بون بەسەبەبی ئەم فەلاکەتە عەزیمە، کە دیمان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

لەڕوی ئەم بەد خوهانەوە، ئەرێ لەمەوپێش زانی بومان، ئەرێ لەمەوپێش چەند ساڵ بیستبومان، لەتەرەقیاتی عەسری حازر مەحرومیان کردین، ئیسراحەتیان لێ سەلب کردین، لەتێگەیشتن و پێشکەوتنی پەنجا ساڵ دوایان خستین، وەلحاسڵ ئەی مەتڵەبیان بو لەخراپە بەسەرمانا ئیجرایان کرد.

فەقەد مەسەلەی مەشهورە: (چاری دزناگاتە بەیانی) شوکر ئێستا میللەت بەتەواوی فکری ئەمانە گەیشت، مەنفەعەت پەرستی ئەم خائینیانەی کەشفکرد. واتا بەشێکی زۆر لەچۆونی نوسەر و لێکۆڵەرەوان، پێیانوابوە هەرچی کراوەو وتراوە، هەموی پروپاگەندەیە و ڕۆڵی هەبوە بۆ زڕاندنی ناوبانگ و ئەو نفوزە زۆرەی، کە شێخ هەیبوە لەناوکورددا، بەتایبەتی لەناو خەڵکی سلێمانی، کەرکوک و گەرمیاندا. باشتر دەبێ بزانین، بەتایبەت ئەوانەی شارەزای مێژوی ئەو سەرکردە خۆنەویستەبنین، دوژمنانی کورد چۆن هەمیشە خەریکی شێواندنی مێژوی گەلەکەمان و سەرکردەکانمان بون، جگە لەهەوڵی سڕینەوەی کولتور و زمانەکەماندا بون، بەردەوام هەوڵی دوبەرەکی دراوە بۆ ئەوەی هێزەکانمان لەت و پەت بکەن، وەتەنەکەمان بەردەوام ژێر دەستە بێت، وە زۆربەی زۆریان زۆربابەتی تری بۆ ناو زڕاندنی ناوی شێخ مەحمود بڵاوکردۆتەوەو بۆ پوچەڵکردنی ناوەرۆکی سیاسی و نەتەوەسی شۆڕشەکەی، کە بەشێکی ئەو هێرشە هەمەلایەنییە بوە، کە کراوەتەسەری.

لەڕوی دارایشەوە، لەو سەردەمەی شێخ مەحمود، پێش ئەمیش کوردستان لەدۆخێکی خراپی ئابوری دابوە، خەڵکی زۆر خراپ ژیانی ڕۆژانەیی و ساردی بەڕێکردوە لەسایەی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری و ئینگلیزیشدا، هەروەکو ئەوەی تەنانەت موچەی خانەنشینی نەدراوە و برسێتی و هەژاری دیاردەیەکی دیاربون لەوکاتەدا هەروەکو چۆن، لەچیرۆکەکەدا هاتوە، کە:

(قوربان تەقاویتەکان هەراسیان بەعالەم هەڵگرتوە بۆ معاش، نازانم ئەمرتان بەچی یە، ئەویش تورە بو وتی: معاش لەکوێ بێنم بۆ تەقاویتی موبارەک، وا عەسکەر و مأمورەکان دو مانگە معاشیان وەرنەگرتوە، ئەمانەش هەمو قیر سیچمە و نەبەز و سەهەندن، لەهەر قوژبنێکەوە ڕێگایان بو، داوا ئەکەن و هاوار ئەکەن، سەریان لەم عالەمە سەندوە، لەهەمو مالان و کۆلان، کە یەکێک ئەبینن دەست دەکەن بە تعجیزات، ئەویشوتی ئەمانە چەقاوەسون و چەرداوەڕون.

کەواتە خۆ پارە نادرێ بەوانە، ئەم مانگە هەروا یەکی چەند هۆقەیەک چەڵتوکیان بدەنێ لەجیاتی معاش بابیخۆن یاخوا هەر ئەوە بخۆن، ئەمانە بۆچی چاکن معاشیان بدرێتێ؟ ئەویش وتی: قوربان باشە). لێرەدا زۆر بەزەقی دیارە، کە لەو دەسەلات و سەردەمی حوکمڕانیەدا هاوشێوەی ئێستا موچە دواکەوتوەو نەدراوە و ماف و موستەحەقاتی خەڵکی ڕەش و ڕوت و هەژار نەدراوەو لەبری ئەوە پێشنیازی تر کراوە، کە چەڵتوکیان پێبدرێ.

گەرچی لەدۆخی ئەمڕۆدا ئەو جێگرتنەوەیە نییە، گەر باسی تموینی خۆراکی بکەین تارادەیەک هاوشێوەی پێدانی ئەو حۆقە چەڵتوکە دەبێت، کە حکومی ئەوکات پێشنیازی کردوەو لەئێستاشدا حکومەتی عیراقی بە تەواوی دانیشتوانی دەدات بە هەرێمی کوردستانیشەوە. (صائیب: ١٩٧٥: ٥٠-٥١).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

یاخود لەلایەکی دیکەی چیرۆکەکەوە با لەنەبونی و احتیاجی مأمور و مەلا و کابەردەسـتو زاناکان دەکات، (... ئەوەتا هەمومـان ئەیبینین، بەشـــێکی زۆر لەمیللەت لایانداوە و لەمن و چون شـــوێن غەیرە دین کەوتون، ڕۆیشـــتون بۆ ولاتان خزمەتی فکری ئەوان دەکەن، هەمو ماڵ و حاڵ و ژیانیان بەجێ هێشـــتوە لێرەو خۆیان لەولاتان بەدیار غەیرە دینەوە دانیشـتون و ئێمەواین لەم حاڵ و ڕەزالەتەدا، عەسـکەر و مأمور و علمانەکانمان هەمو ئیحتیاج و بێ إدارە ماونەتەوە)، (صـــائیب: ١٩٧٥: ٥٢). تەنانەت لەوکاتەدا دەیانویســـت بەفتوای مەلا و زانایانی دینی موچەو قوتی خەڵک و هەژاران ببڕن، لەژێر ئەو بیانوەی پێویســـت ناکات موچەو مەعاشـــیان پێبدرێ و پێویستیان نییە، وەکو ئاماژەی پێدراوە، کە:

(.. ئەمانە بەنضر مرتد و بێ دین تەماشایان ئەکرێ، لازمە ماڵیان هەمو بۆ بیت المال صەرف بکرێ، ژنیشیان لێ تفریق بکرێ و ئەمانە لەپاش مروری عدەی شەرعی ئەتوانن شویەکی تر بۆخۆیان بکەن..).

لێرەدا توشـی سـەرسـوڕمان دەبین بڕیار و فەتوای لەو جۆرە هیچی لەسـزاو کوشـتن و بڕیارەکانی داعش، کەمتر نەبوە ، کاتێک لەساڵی (٢٠١٤) داعش بەدەستەو تاقمەکەیەوە هێرشی هەمە جۆری لەتەواوی قوڵەکانەوە کردە سـەر کورد و بەتایبەت کوردی ئێزدی، کارو ڕوداوێکی بەسـەردا هێنان، کە تا ئەمڕۆش هاوشـێوەی ڕوداوە نەخوازراو و ڕوداوە جەرگبڕەکانی مێژوی مرۆڤایەتی و مێژوی کورد بەتایبەتی، هەر جێگەی باس و مشتومڕە. بەپاساوی دژە دین و غەیرە دین، شەنگال-یان خاپور کردو هەزارەها ژن و کچیان بێ سەروشوێن کردو زۆربەیان کرانە کەنیزەک و بەشـێکیان لەناوبران! پیاوەکانیان کوشـتن و سـەربڕین، شـەڕو کوشـتاری داعش، لەمێژود هاوشـێوەی سـتەمکارانەی سـەرکردە و دەسـەڵاتەکانی دژە کوردەو تا ئەمڕۆش کوردسـتان لەژێر هەڕەشە و پیلانی نامرۆڤانەی داعشدایە.

## ئەنجام:

1- چیرۆکی (لە خەوما) چەندە دەقێکی ئەدەبییە، هێندەش هەڵوێست و سیاسەت و مێژوە. ڕوئیای نوسەرە بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی گەلێکی بندەست لە قۆناغێکی دیاریکراودا.

2- مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بیری لە گۆڕانکاری و پێشـکەوتن کردۆتەوە، نەخشـەی ژیان و داهاتوی خۆی دارشـتوە، هەروەکو چۆن نوسـەر بە خەیاڵیشـبێ، لێکدانەوەی بۆ هەمو لایەنەکانی ژیانکردوە، بە تێپەڕبونی کاتیش زۆر لەخەیاڵەکان بونەتە کەتوار.

3- گێڕەرەوە مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆیدا دەکات و گللەیی دەکات و سـکاڵای هەیە، تا ڕادەیەک هەوڵیداوە بتوانێ بەم خەوە بزوتنەوەیەکەی شـێخ مەحمود و دامودەزگاکانی ڕسـوا بکات و هیچیدی. بەڕای ئێمە دوای (لە خەوما)، کە خەونەکەی دیتەدی، هیچی تری لەم بوارەدا نییە.

4-چیرۆکی لەخەوما لەبنچینەدا چیرۆکێکە ناوەرۆک و ڕوداوەکانی لەراسـتی و چرکەسـاتی حوکمڕانی شـێخ مەحمودەوە وەرگیراوە، بەڵام چیرۆکنوس تێکەڵ بەخەیاڵی کردوە، تاوەکو لەوتارێکی ڕەخنەیی بەدوری بگرێت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

و بیکات بە چیرۆکێکی هونەری. ڕەنگە ئەمەش بۆ خۆدەربازکردنی (جەمیل صـــائیب)ی نوســـەر بێت لە لێپرسینەوە و سزادان.

5- بەهاو نرخی ئەم چیرۆکە لە چەند لایەکەوە لەنێو مێژوی ئەدەبی کوردیدا دیارە، لەلایەکەوە وەک یەکەمین یان ســـەرەتاترین چیرۆکی هونەری کوردی ئەژمار دەکرێت و لەلایەکی دیکەوە، وەک چیرۆکێکی ڕەخنەیی ڕیالیزمی نوســـراوە و چیرۆکنوس توانیویەتی چۆنیەتی حکومڕانی و دەوڵەتداری شـــێخ مەحمود ڕونبکاتەوە، لەبری ئەوە ڕوداو و نەهـامەتییەکـانی ئەوکـاتە وەک مێژویەکی ڕوت بگێڕێتەوە، وەک چیرۆکێکی هونەری چێژدار باس لەو قۆناغ و سەردەمە دەکات.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32**

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Imaginary Character of The Novel "In My Dreams" By Jamil Saeeb in-Between Fantasy and Reality

**Snur Qadir Faraj[1] - Abdulqader Hama Amin Muhammed[2]**

[1+2]Department of Kurdish, College of Languages, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The imaginary character in the "In my dream" in-between fantacy and reality is the prominant issue in our dessertation. It is a profound and more academic study of the novel in general and the character of Jamil Saeeb specifically.

In fact, "In my dream" is an unfinished work filled with grudge, hatred and revenge against the Kurdish authority and the leadership of Shiekh Mahmood. On the other hand, the plot is said to be just an imagination of the author and it was just a dream. Both ends will be discussed and its various aspects will be analysed and put into perspective.

**Keywords:** In My Dream, Unnerve Sheikh Mahmud, Jamil Saeeb, Story.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32

## سەرچاوەکان:

ئەڵوەنی، نەجم (د)، (٢٠١١)، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ن جەبار جەمال غەریبدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

ئەرستۆ، (٢٠٠٤) هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

بەرزنجی، عەلی تاهیر (د.)، (٢٠٢٠)، ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانە گشتییەکان، چاپخانەی ئیڤا، سلێمانی.

تۆفیق، ئازاد، (٢٠٢١) لە نێوان لە خەوما و مەسەلەی ویژداندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلێمانی، سلێمانی.

صائیب، جەمیل، (١٩٧٥)، لەخەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

کۆمەڵە وتارێکی ئینگلیزی، (٢٠١١)، لە ستایشی ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

صدیق. ئارام (٢٠١٢)، نەمری و گێڕانەوە، ڕامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەللاح، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

عیسا، هاوژین سلێوە (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

گەرمیانی، عادل مەجید (١٩٩٦)، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلێکی پەروەردە، زانکۆی بەغداد.

الان، جراهام (٢٠١١)، نظرية التناص، ت، د.باسل المسالمة، ط١، دار التكوين للتاليف و الترجمة و النشر، بغداد.

اسماعيل. عزالدين (د.)، (١٩٨٨)، الشعر العربى المعاصر قضايا و ظواهرة الفنية المعنوية، ط١، دار العودة، بيروت.

حسن، حسين الحاج (١٩٩٧)، ادب العربي في عصر الجاهلية، ط٣، المؤسسة الجامعية الدراسات والنشر و التوزيع، بيروت.

الصائغ، عبداللة (١٩٨٧)، الصورة الفنية معياراً نقدياً، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

القط (د.عبدالقادر)، ١٩٨١، الاتجاه الوجداني في الشعر العربي المعاصر، ط٢، دار النهضة العربية، بيروت.

عساف، عبداللة (د.)، (١٩٩٦)، الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا، ط١، دار دجلة، سوريا- القامشلي.

الحديثي (بهجت عبدالغفور)، ١٩٩٢، دراسة نقدية في الشعر الغربي، ط١، الطباعة والنشر دار الشؤون الثقافة العامة، العراق.

الجنابى، محمود جابر (١٩٨٩)، حركة نقد الشعر العربى الحديث فى العراق (١٩٦٨- ١٩٨٠)، رسالة تقدم بها الى قسم اللغة العربية، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

عبدالله، محمد حسن (1978). طبع ٢، دار الكتب الثقافة، الكويت.

غريب، روز (١٩٧١)، تمهيد فى النقد الحديث، ط١، دار المكشوف، بيروت.

السيد، شفيع (د.)، (١٩٧٧)، التعبير البيانى روئيه بلاغية نقدية، مطبعة الاستقلال، القاهره.

ابواصبع، صالح (د.)، (١٩٧٩)، الحركة الشعرية فى فلسطين المحتلة (1978- 1977)، ط١، موسسة العربية الدراسات والنشر.

فضل، صلاح (1978)، نظرية البنائية فى النقد الادبى، مطبعة الامان، مصر.

الخطيب، قص فاضل (٢٠٠٥)، البناء الشعرى عند ديک الجن (ت ٢٣٥- ٢٣٦)، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاسلامية، قسم اللغة العربية، جامعة بغداد.

الحديثى، بهجت عبدالغفور (د.)، دراسة نقدية فى الشعر العربى، ط١، طباعة ونشر دار الشون الثقافة العامة، العراق.

الياقى، نعيم (1985)، تطور الصورة الفنية فى الشعر العربى الحديث، دار الثقافة للنشر، دمشق.

الفيل، توفيق (د.)، (1984)، القيم الفنية المستحدثة فى الشعر العباسى من بشار الى ابن المعتز، دار السلاسل كويت.

يلعاد، عبدالحق (2008)، عتيات من الى المناص تقديم (د. سعيد يقطين)، طبع ١، منشورات الاحتلاق، دار الولية للعلوم الناشرين، بغداد.

R.T jones, stndiny poetry 1988. British library cato loguing in public cation pata, Third published, Great Britain.

Coombes.H. (1982). Literature and criticism, Pen Guin Book.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper32